# ئایا ڕێگەبدرێت منداڵ بچێتە کۆڵان؟

**لەیلا عوسمان** ........................................

یەکێک لەو شتانەی کە زۆرێک لە دایکانو باوکان نیگەران دەکات چوونی منداڵەکانیانە بۆ کۆڵانو تێکەڵ بوونیانە لەگەڵ منداڵانی کۆڵاندا، بەڵام کۆڵان کوێیە؟!

کۆڵان ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە کە لە دەرەوەی دەرگای ماڵەکانماندایە و لە منداڵانی دراوسێکانمانو هەندێکجار منداڵی تریش پێکدێت. کەواتە ژینگەی کۆڵان لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر دەگۆڕێت.

لە ڕووی ڕۆشنبیریو کەلتورو ڕەوشتەوە کۆڵانی گەڕەکێکی میللی جیاوازە لە کۆڵانی گەڕەکێکی مەدەنی وە یان کۆڵانی گوندێک، ئەوەی زانراویشە منداڵانی گەڕەکە میللیەکانو گوندەکان زیاتر دەچنە کۆڵان وەک لە شوێنەکانی تر.

لێرەدا ئەوەی دەمانەوێت بیلێین ئایا ئێمە بهێڵین منداڵەکانمان بچنە کۆڵان یان نا؟

منداڵ ئەو مرۆڤە بزواوەیە کە حەز لە بزاوتنو جموجۆڵو یاری زۆر دەکاتو حەزو ئارەزووی زۆر هەیە بۆ تێکەڵ بوون بە هاوتەمەنەکانی خۆی، هەرچەندە دایکو باوک هۆکارەکان بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن مەرج نیە کە هەموو حەزو پێویستیەکانیان لە چوارچێوەی دیواری ماڵەکەیدا تێر ببێت، هەر بۆیە پێویستی بە شوێنێک هەیە کە هەموو ئەو حەزو ئارەزووانەی تیا خاڵی بکاتو ئارەزووەکانی تیا بەدی بهێنێت، لەبەرئەوەی دەبینێت ئەو منداڵانەی کە هەمیشە لە ماڵەوەن زووربەی جار زۆر زۆر بزێوی دەکەنو گەورەکانیان لێیان بێزارنو داواکاری زۆریان هەیەو هەمیشە گرۆزو گرینۆکنو بیانوو لە هەموو شت دەگرن.

منداڵ پێویستی بەوەیە کە تێکەڵ بەو ژینگەیە ببێو هاوتەمەنەکانی خۆی بناسێو حەزو ئارەزووەکانی لەگەڵیاندا ئاڵوگۆڕ بکات، لە ڕێی ئەو یارییە جۆراوجۆرانەوە کە بە دەستەو کۆمەڵ دەیکەن، بەڵام ئایا ئێمە منداڵەکانمان هەر وا بنێرینە کۆڵان بە بێ هیچ سانسۆرو ڕێنماییەک؟ نەخێر، بەڵکو پێویستە لەسەر گەورەکانو بە تایبەتی دایک کەوا ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت وە بەرنامەی تایبەتی بۆ دابنێت، ئەویش بەم شێوەیە:

١- دیاریکردنی کاتی چوونە کۆڵان، باشتروایە لە کاتی عەسران بێو لە کاتێکی دیاریکراودا بێت.

٢- بەردەوام ڕێنماییکردنیو ئامۆژگاریکردنی منداڵەکەی بەوەی کە هاوڕێیەتی کەسانی باش بکاتو ئەگەر ڕەوشتێکی ناشرینی لە کەسێک بینی لێی دوور بکەوێتەوەو لاسایی نەکاتەوە.



٣- دیاریکردنی سنووری شوێنی یارییەکە بەوەی دایکەکە بە منداڵەکەی بڵێ "لە سنووری کۆڵانەکەی خۆمان دوورنەکەویتەوە، ئەگەر نا ئەوە ناهێڵم جارێکی تر بچیتە کۆڵان".

٤- چاودێریکردنی منداڵەکەی بەوەی دایکەکە ماوەماوە بێتە دەرەوە لەبەردەرگای ماڵی خۆیانەوە سەیر بکات بزانێت منداڵەکەی لەگەڵ کێیەو چی دەکات.

٥- دوای گەڕانەوەی بە ناڕاستەوخۆیی بە دواداچوونی لەگەڵدا بکات، کە ئەمڕۆ لەگەڵ کێ یاریی کردووەو چ جۆرە یارییەکی کردووەو چی فێربووە لەو یارییەوە.

٦- ڕاهێنانو ئامۆژگاریکردنی منداڵەکە تاوەکو لەکاتی دیاریکراودا بگەڕێتەوەو کە گەڕایەوە خۆی پاکژبکاتو دەستو دەمو چاوی بشوات، چونکە لە کۆڵان خۆڵاوی بووە.

# ئەستێرەکانی سینەمای ئێران

# ئیلهام حەمیدی

**فاتمە ئەدهەم عەلی** ........................................

ئیلهام حەمیدی لەساڵی (١٩٧٨) لە تارانی پایتەختی ئێران لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئابووری بەشی "ژمێریاری"ە.

ساڵی (١٩٩٨) چووەتە ناو ژیانی هاوسەریەتییەوە، هاوسەرەکەی ئەندازیاری کۆمپیوتەرە، سەرەتای کاری هونەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٩) زاینی، یەکێک لەکارە هەرە بەناوبانگەکانی بەم دواییانە بەشداربوونیەتی لە زنجیرەی بەناوبانگی (یوسفی ڕاستگۆ) کە تیایدا دەوری (ئاسنات)ی هاوسەری یوزەر سیف دەبینێت، هەروەها لەزنجیرەی "مسافر از هند" یان "میوانی دوور وڵات" بەشداریکردووە، کە تیایدا ڕۆڵی پەروانە دەبینێتو یەکێکە لەو فیلمانەی کە لای خەڵکی زۆر سەرنجڕاکێش بووە، هەروەها بەشداریکردنی لە فیلمی سینەمایی "دنیا".

ئیلهام لەژیانیدا کەسێکی کەم قسەو ئارامو خۆبەکەمزانو وەسادەیە.

فیلمو زنجیرەکانی:
- دنیا
- سفر
- اوای
- تیک
- جوان امروز
فاسلەهای کوتاه
- معجزه ازدواج
- زمبقهای وحشی
- واکنش پنجم
- گلستان خیلی دور خیلی نزدیک
- مسافری از هند، کە ڕۆڵی پەروانە دەگێڕێت.



# ١٠ ئامۆژگاری سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ

**بەهار لەتیف** ........................................

یەکێک لە دامەزراوەکان کە تایبەتە بە تەندروستی هەستی ( عقلیە) لە وڵاتە یەکگرتووەکان، توێژینەوەیەکی لەگەڵ پەنجا دایکو باوک کرد کە سەرکەوتوو بوون لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیان، ئەویش لە پێناوی گەیشتن بە باشترین ئامۆژگاری کە پەیوەندی بە پەروەردە کردنی منداڵەوە هەیە بە شێوەیەکی نمونەیی ئەو ١٠ ئامۆژگاریەش :

١- دەرخستن یاخود پێدانی بڕێکی زۆر لە خۆشەویستی بۆ منداڵ کە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی منداڵ هەست بە ئەمانو لایەنگری یارمەتیدانی بکات، دەبێت دایکو باوک گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن لەو کاتانەی کە شیاوو گونجاوە بۆیان ڕاو بۆچونیان وەربگرن.

٢- تەمێ کردن، پێویستە دایکو باوک ڕاو بۆچونیان یەک بێت لەسەر ئەم بابەتە، پێویستە لەسەریان خشتەیەکی تەمێ کردن سوک دابنێن بۆ منداڵەکانیان، بەڵام نابێت ئەم سزادانە بۆ منداڵەکانیان لەبەر چاوی هاوڕێو کەسانی تردا بێت.

٣- پێویستە لەسەر دایکو باوک ڕۆژانە ماوەیەک لە کاتەکانیان بە پێی گونجان بۆ منداڵەکانیان دابنێن، وە چەند شتێکی بەسودیان فێر بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ ڕەگەزو تەمەنی منداڵەکە، وەک چێشت لێنانو فێر کردنی چاک کردنەوەی سەیارە کە دەبێت بە شێوەیەکی سەرەتاییو ئاسان بێت لێیان قورس نەکرێت، هەروەها بردنیان بۆ دەرەوەی ماڵ و بەسەربردنی چەند کاتێک لەگەڵیان لە باخچەو چێشتخانە.

٤- بوونی پەیوەنی سۆزو خۆشەویستی لەنێوان دایکو باوک، هۆکارێکی گرنگە بۆ هەست کردن بە ئەمانو ئارامی بۆ منداڵو هەموو ئەندامانی خێزانەکەش.

٥- فێرکردنی منداڵو دوورکەوتنەوە لە هەڵە کردن دەبێت دایکو باوک منداڵەکانیان فێری بەها ڕەوشتیە بەرزەکان بکەن، وە فێریان بکەن کە سوربن لەسەر شتە جوانەکانو هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لەپەیوەندی کردنیان لەگەڵ دەوروبەریان لەسەر بناغەی ڕێزو خۆشەویستی بێت.

٦- پەیڕەو کردنی ڕێزگرتن لەیەک (متبادل) کە پێویستە ئەو ڕێزە لە نێوان هەموو ئەندامەکانی خێزاندا هەبێت، پێویستە لەسەر دایکو باوک بەشێوازی نەرمو گونجاو ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن.

٧- گوێگرتن لە منداڵ هەرکاتێ منداڵ پێویستی بە دەربڕین بوو لەو شتانەی کە تایبەتە پێیانەوە دایکو باوک گوێیان بۆ بگرنو ئەو هەستەیان بۆ دروست بکەن کە ئەوان گوێیان لێدەگرنو گرنگی بەڕاو بۆچونەکانیان دەدەن.

٨- دەبێت دایکو باوک چاوەڕوانی هەڵە لە منداڵەکانیان بکەن و دروست بونی کاریگەری دەرەکی لەسەریان وەک ئەو پاڵەپەستۆیەی کە بەردەوام لە زیاد بوندا دەبێت لەگەڵ گەورە بونیاندا.

٩- پێشکەش کردنی ڕاوێژو ئامۆژگاری، پێویستە دایکو باوک ڕاو بۆچونەکانی خۆیان بۆ منداڵەکانیان ڕوون بکەنەوە بەچەند دەستەواژەو وشەیەکی کورت و ئاگادارکردنەوەی منداڵەکانیان بەوەی کە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لێیان کە بیر لەو گرفتانە دەکاتەوە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە پێش ئەوەی چارەسەری ئامادە کراویان پیشان بدرێت.

١٠- دەبێت دایکو باوک هەندێک لەسەربەخۆیی بدەن بە منداڵەکانیان بەشێوەی پلەبەندی و دروستکردنی ئەو ڕوحیەتە تیایاندا کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێزو سۆزی منداڵەکان بۆ دایکو باوکیان.